# شیعرەکانی باوکم

**کەتان خادیمی**

***ئەی شاعیر، گەر دەتەوێت شیعرەکانت ڕۆحیان تێدابێت، ئەوا دەبێت خۆت ببیتە جەستەیەکی بێڕۆح...**

***ڕۆژی لەدایکبوونی نووسەر ئەو ڕۆژەیە کە تەرمەکەی بەرەو گۆڕستان بەڕێدەکەن...**



نازانم چی بوو منی هەڵدایە ئێرە (خانم)، یان شیعرەکانی باوکم... یان ئەو نهێنییەی کە دایکم لە حەوشەکەی دواوەدا لەنێو گرمەی پەرەمێزەکان و تریفەی ژنە چێشتلێنەرەکاندا درکاندی، یان بە چۆڵکردنی ماڵەکە بوو لەلایەن خوشک و براکان و دایکمەوە، یان ئەمانە هەموویان لە قەدەرەوە نەخشە بۆ کێشراوبوون.

ناچاریان کردم ئەم پیشەیە ببێتە خولیام، دەبێت لێرە هەموو تف و زللەو جنێوێك و.. گەورەترین سوکایەتی قبوڵبکەم، گەر دەریشمکەن ناڕۆم. ئاخر گەر ئێرە جێبهێڵم چۆن جوانییەکان ببینم؟ لەگەڵ ئەم دەموچاوە گرژو تاڵانەدا نەبێت مۆمی شیعری زیندووم پێ داناگیرسێت، گەر لەپەنای دیواری کۆشکەکەی خانمدا نەبێت ناتوانم شەوانە شیعرەکانم لەسەر دیواری ماڵان و خوێندنگەکان و کێلی گۆڕەکان و دەرابەی دوکانەکان بنووسمەوە.... لەوانەیە دێرە شیعرێك بە سەدان خەم و پەژاریان لە یاد بەرێت.

تەنها دوو ڕۆژ بوو هاتبوومە ئێرە، خانم میواندارییەکی گەورەی بۆ سەدان دۆست و ناسراویان ڕێکخستبوو کە هەر یەکەیان لە شارێکەوە بانگهێشت کرابوون، یەکەمجارم بوو ڕووبەڕووی ئاپۆرایەکی وا ببمەوە، هۆڵە گەورەکەیان جمەی

دەهات لە ژنی پڕ لە خشڵ و منداڵی پۆشتەو پیاوانێك كە پێشتر لە سەرە ڕێگاكاندا بینیبوومن، كە چۆن خزمەتكارەكانیان دەرگای ئۆتۆمبێلەكانیان دەكردەوە تا دادەبەزین. ئەو شەوە دەستەكانم دەلەرزین و پەشۆكابووم، سینی پەرداخ و قاپەكانم توند توند گرتبوو، خەمم بوو لە دەستم بكەون، ژنان هەریەكە لەلایەكەوە بانگیان دەكردم، یەكێك هاواری دەكرد (منداڵەكەی بەرم بۆ سەر ئاو) یەكێكی تر داوای میزەلأن و شەربەت و...هتد، نەمدەزانی بەدەم كام دەنگەوە بڕۆم، ئەو شەوە چاوەڕێی ئەوەم لە خانم نەدەكرد بەدیار میوانەكانەوە تەریقم بكاتەوە، هێندەی نەمابوو لەهۆش خۆم بچم، هەر بۆیە سینی پەرداخەكان لەدەستم كەوت، هێشتا ڕانەهاتبووم... بەدیار سەدان كەسەوە پێم بوترێت دز. وامزانی ئەمە یەكەم جارو دواجار دەبێت، بەڵام هەر كە میوانەكان جەم دەبوون، وەك پێویستییەكی دانیشتنەكەیان ئاغا هاواری دەكرد..

—خانم ئادەی ملوانكەكەی خاتوو گوڵناری ژنی شاه بێنە، ئادەی موستیلەكەی باوكی باوكم بێنە لە حەج هێنابووی، خانمیش خێرا زللەیەكی لێ ئەدام و ئەیقریشكاند بەسەرمدا: ئەم دزە.. ئەم دزە.. هەموویانی دزیون، ئیدی ئاغاش ڕوخساری سوور هەڵدەگەڕاو قاقا پێئەكەنی، لەخۆشیاندا شاگەشكە دەبوو كە بەدیار میوانەكانەوە لە خزمەتكارەكانیان بدرێت.

—هەر بۆیە  هیچ خزمەتكارێك لە دوو مانگ زیاتر لێرە نەماوەتەوە، من نەبێت وا بە تەواوەتی سەرم سپی كردووە، ئێستە كە پێم دەڵێن دز هیچ ناكەم هیچ، تەنها چەند پەیڤە شیعرێكم لێ هەڵدەوەرێ.

خانم چاك دەزانێت كە من دز نیم، چەندجار موستیلە قەبە گەورەكانی لە حەمام لێ بەجێماوە، من بۆم دۆزیوەتەوە، پارەشی هەر بە من دەژمارد، هەر بە منیش كلیلی دۆلأبە پڕ لە نهێنییەكانی دەكردەوە. تەنها دوو كەس بە نهێنیی شیعرەكانیان ئەزانی، یەكێكیان پیاوە خۆڵڕێژە كۆنەكەی گەڕەكی خۆمان بوو، كە بەشێكی دیوانەكەی باوكمی لابوو، لەو ڕۆژەوەی كە لێرەم تا ڕۆژێك پێش ڕێپێوانەكە خۆڵڕێژی ماڵی خانم بوو. بەیانیان زوو هاواری دەكرد (خۆڵ.. خۆڵ..) منیش سەبەتە پڕ لە شیعرەكانم بۆ ئەبرد، ئەویتریشیان پیاوە توركمانە قەڵەوەكە بوو، كە تا ئێستاش ناوی نازانم، هێندە ئەزانم زمانی فارسی و عەرەبیشی ئەزانی، شیعرەكانی وەرئەگێڕایە سەر ئەو دوو زمانە، عەودالێك بوو بە توولەڕێگە قاچاغەكاندا، كە پڕبوون لە مین، سنورەكانی دەبڕی و لەسەر دیواری ماڵە هەژارەكان و كێلی قەبرەكان و دیواری خوێندنگەكان و نەخۆشخانەكان و......هتد دەینووسین. هەندێك جار هێندە درەنگ دەهاتەوە بێ هیوا ئەبووم لە بینینەوەی، بەڵام خۆڵڕێژەكە دڵنیای ئەكردمەوە كە ئەو قەد دەستگیر ناكرێت، چونكە ئەتوانێت ببێت بە هەڵم، دواجاریش كە خۆڵڕێژەكەم بینی ڕۆژی ڕێپێوانەكەبوو، ئەو ڕۆژەی كە شار هەمووی خرۆشابوو، بە هەزاران چەكدار ڕژابوونە شەقامەكان و سەرسوچی هەموو كۆلأنێكیان گرتبوو، لە هەر چەند مەترێكدا چەكدارێك وەستابوو، ئەو ڕۆژە فەرمانگە حكومییەكان و قوتابیان لە سەرەتاییەوە تا خوێندنی بالآ بە خۆیان و لافیتەكانیانەوە ڕژابوونە سەر شەقامەكان. ئەو لافیتانەی كە دژی شیعری سەر دیوارەكان نووسرابوون، وێنەی ئەو كەنارییانەی كە نێوچاوانیان ڕەشكرابووەوە یان (زەڕبێكی) لێدرابوو لە ژماردن نەدەهاتن بەدەست جەماوەرەوە، وێنەی هەپرون هەپرون كراوی كەنارییەكان وەك بەفر دادەبارین بەسەر سەری جەماوەردا، بەڵام ئەم خەڵكە هەموویان عاشقی شیعری سەردیوارەكان بوون... هەتا ئەوانەش كە چووبوونە سەرشانی یەكترو بە (حەماسەوە) هوتافیان ئەكێشاو عارەقە بە نێوچاوانیاندا دەهاتە خوارێ و دەنگیان نووسابوو، ئەوانیش عاشقی شیعرەكان بوون، هەر ئەو كەسانەبوون بە منداڵەكانیان لەبەرئەكردن و بە چەندین جۆر خەتی جوان لەسەر تابلۆی گەورە گەورە بە ئاوی زێڕ ئەیاننووسینەوەو لە چوارچێوەیان ئەگرتن و بە نهێنییەوە لە ژێرزەمینەكانیاندا هەڵیان دەواسین... ئەو ڕۆژە كە

دواجاربوو خۆلڕێژەکەم تیابینی، بەدلەیەکی شینی کارکردنی لەبەردابوو، لە ڕیزی پێشەوەی کرێکارەکانی فەرمانگەی شارەوانییەوە بوو، سەرێکی لافیتەیەکی گەورەی بەدەستەوەبوو، بەڵام پیاوە غەریبەکە ئەو ڕۆژە لە سەفەرێکی زۆر دووردا بوو، منیش بە جانتایەکەوە کە خشڵەکانی خانمی تێدابوو لە دووەم ڕیزی ئاپۆڕای ژنە عەبا بەسەرەکاندابووم.

دوو هەفتە لەدوای مردنی باوکمەوە تا ئێستا لێرەم، هیچ هەواڵێکی خوشك و براکانم و دایکم نازانم، هەفتەیەك بوو باوکم مردبوو، تەنها شەش ڕۆژ بوو بە گەورەترین نهێنیمان زانیبوو، ئەو ئێوارەیە خوشکەکانم وتیان (دەچین تا بازاڕ، هەندێك پێویستیی خۆمان دەکڕین)، براکانیشم هەر دوای ئەوان ئۆقرەیان لێ بڕابوو، هەر یەکەو جانتایەکی بچووکی کۆڵیان پێبوو، وتیان (ئەم ئێوارەیە ئامادەی گەورەترین یاری پاڵەوانی تۆپی پێ دەبین) تەنها من و دایکم لە ماڵەوە ماینەوە، چاوەڕێم نەئەکرد دایکیشم بەو ئێوارە درەنگە ماڵ چۆڵ بکات، چووە ژوورەکەی باوکم و پاش کەمێك بە پەشۆکاوییەوە هاتە دەرەوەو عەباکەی تەکاندو بە دەستە لەرزۆکەکانییەوە دای بەسەریدا، وتی (دەچم بۆ پرسەی کەناریییەکان). هەفتەیەك بەسەر چوونە دەرەوەیاندا تێپەڕیو کەسیان نەگەڕانەوە، ئەو ئێوارەیەش کە بۆنی هەمان ئێوارەی لێ ئەهات، عەلاگەیەك کە شیعرەکانی باوکمی تێدابوون بەدەستمەوەبوو، بە شپرزەیی بە حەوشەکەدا پیاسەم ئەکرد، ئەو ئێوارەیە خانم ناردی بەدوامدا، وتبووی کە (خەریکی ناوساجی کردنەو پێویستیان بە یارمەتیی منە) ئێستاش کە بیر لەو ئێوارەیە ئەکەمەوە وا هەست ئەکەم کە بێ ویستی خۆم ماڵم بەجێهێشت، بێ ئەوەی لایەك بکەمەوە، دەرگای ژوورێك دابخەم، تەنها عەلاگەی شیعرەکانی باوکم برد، چیدی نەمتوانی جارێکی تر بگەڕێمەوە ماڵ، ئێستاش نازانم لە چ کەنارێکی ئەم دنیایەدا ئۆقرەیان گرت.

دوای تەواوکردنی ناوساجییەکان، خانم گێڕامی بە ژوورەکانیاندا، ژووری منداڵەکانی، ژوورەکانی خۆی و هۆڵە گەورەکانی میوان، ژوورێکی بچوکیش لەپاڵ هۆڵی کتێبەکاندا بوو، وتی (ئەمەش ژووری ئەو کەسەیە کە دەبێتە خزمەتکار لەم ماڵەدا)، کە هۆڵی کتێبەکانم بینی هەر لە کتێبخانەیەکی گشتیی شارێکی دەکرد، بە سەدان جۆر کتێب و دەستنووس و ڕۆژنامەو گۆڤار هەڵچنرابوون، کە لەڕوخساری هەموویاندا بێنازی دەچۆڕا، هەر لە تەنیشت هۆڵی کتێبەکاندا ژوورێکی دیکەی گەورە هەبوو کە دیوارەکانی ڕازێنرابوونەوە بە تابلۆی ڕەنگین و ناوەڕاستی ژوورەکەش بە پەیکەرو سیرامیکی تۆزلێنیشتوو پڕ کرابووەوە، عەشقێکی سەیر بۆ ئەم دوو ژوورە پەلکێشی کردم کە ببمە خزمەتکارو لەسەر داواکەی خانم قایل بم.

بەر لە مردنی باوکم، ماڵمان زۆر ئاسایی بوو، وێنەکان ڕۆژانە دووبارەوەبووی ڕۆژەکانی تر بوون، باوکم لە ژوورەکەی خۆیدا خەریکی نووسین دەبوو، بەدەم نووسینەوە ورتەورتێکی لێوەدەهات، کەسمان لێی تێنەدەگەیشتین، دایکیشم بێ ئەوەی لە دەرگای ژوورەکەی بدات، کوپە چای و قاوەکانی بۆ دائەنا، یان سینییەك کە قۆرییەك و قتوویەك شەکرو کوپێکی لەسەردەبوو، لەسەر مێزێك لەخوار ژوورەکەوە بۆی دادەنا، قەد ڕۆژێك گوێم لە دایکم نەبوو لە کاتی سەرقاڵیی باوکمدا بە نووسینەوە، قسەیەك لەگەڵ باوکمدا بکات، خوشکەکانیشم لەنێو خۆیاندا ئیشی ماڵەکەیان بەشکردبوو، کە لە ئیشەکانیشیان دەبوونەوە سەریان بەیەکدا دەکرد، لەپڕێکا تریقەی پێکەنینیان بەرزدەبووەوە، لە هەموو تەمەنی منداڵیمدا حەزم دەکرد بۆ چرکەیەکیش بێت بچمە نێو بازنەی پێکەنینەکانیانەوە، زۆر هەوڵم دەدا لێیان نزیکببمەوە، بەڵام ئەوان دووریان دەخستمەوە، ئەیانوت (جارێ منداڵی! گوێ بۆ ئێمە مەگرە) دایکیشم هەر خۆی چێشتی لێئەنا، لەکاتی چێشتلێناندا حەزی لە یارمەتیی کەس نەدەبوو، براکانیشم یان سەریان شۆڕدەکردەوە بەسەر تاوڵەو شەترەنج و دۆمینەدا، یان بەدیار یاریی دوو گۆڵیی تەلەفزیۆنەوە دادەنیشتن، لەگەڵ هەر گۆڵکردنێکدا دەیانکرد بە چەپڵەو فیکەلێدان. ئەو کاتە هەموو شتەکان لە ماڵماندا دووبارەبوون، نانخواردنەکانمان و

چێشتەکانی دایکم و قسەکانمان و پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆن و دۆڕان و بردنەوەی براکانم و میوانەکانی دایکم و دەنگی خۆڵڕێژەکەو چیرۆکی سەر سفرەکەو...هتد.

نیوەڕوان و ئێواران کە خوشکەکانم سفرەیان ڕادەخست پاش دانانی قاپ و کەوچك بۆ هەر یەکەمان، باوکیشم لە قاپە تایبەتەکەی خۆیدا چێشتیان بۆ تێئەکرد. ئەو قاپەی کە نەماندەزانی لە چ مادەیەك دروستکراوە، شوشە یان بەرد، ئەو نەخش و نیگارەی کە لەسەری کێشرابوون لە کاری دەست و پەنجەی هونەرمەندێکی زۆر کارامەی ئەکرد، وێنەی چەند باڵندەیەك بوو، پەڕوباڵیان هەروەك کەناری بوو، بەڵام لە شێوەی مرۆڤدا، خوشکەکانم زۆر بە ئەسپایی دەستیان بۆ دەبرد، لەکاتی شتن و هەڵگرتنیدا، نەبادا لەدەستیان بکەوێت و بشکێت، باوکم هەموو ڕۆژێك بە بینینی ئەو قاپە چیرۆکێکی دووبارەوەبووی بۆ دەگێڕاینەوە. سەرمان سووڕدەما کە باوکم هەروەك یەکەمجاری بێت. نە هەستی بە ماندووبوون و نە بە بێزاری دەکرد، بەدەم نانخواردنەوە دەستی بە گێڕانەوەی ئەکرد: (کاتی خۆی باوکم و هاوڕێیەکی هەر لە دێکەی خۆماندا، گۆڕستانێك ئەدۆزنەوە ئەو مردوانەی تێدا نێژراون کە سەدان ساڵ بووە مردوون و لەناو کوپەی گەورە گەورەدا ناشتویانن، چییان هەبووبێت لە خشڵ و زێڕو سامانیان خراوەتە ناو کوپەکانیانەوە، ئەو دوو گۆڕەی کە ئەمان ئەیاندۆزنەوە یەکێکیان پڕە لە زێڕو زیو، ئەویتریشیان کتێبێکی دەستنووسە، کە بە زمانی ئەو سەردەمە نووسراوە، باوکم قاپ و کتێبەکە هەڵدەگرێت و هاوڕێکەشی زێڕو زیوەکە، هەر بۆیە هەتا مردن پێیان دەوت شێتە). پاش نانخواردنیش براکانم و باوکم خۆیان دەتەکاند و کەمێك لە دوور سفرەکەوە دادەنیشتن چاوەڕوانی چاییان دەکرد، بێ ئەوەی دەست بۆ لابردنی هیچ شتێك بەرن، خوشکەکانیشم بەپەلە قاپەکانیان کۆئەکردەوەو سفرەکەیان ئەسڕی و ژوورەکەیان گسك ئەدا. تەنها من بووم لەوماڵەدا هاوتەمەنێکی خۆمم نەبوو، ناچار زۆربەی کات بەدوای دایکمەوە ئەبووم، ئەو دایکەی کەمترین قسەی پێشکەشکردم و چەندین نیگای چاو کە هەر نیگایەکی سەدان وتەم تێدا دەخوێندەوە، هەندێك جاریش سەبەتەی ژوورەکەی باوکمی ئەدامێ، کە بیبەم بۆ خۆڵڕێژەکە، منیش ڕۆژبەڕۆژ هەستم بە گەورەبوونی خۆم دەکرد، بالأم بەرزترو قژەکانم درێژتر دەبوون، ئەو شتانەی لە دوورەوە بینیبومن بە ئاسانی دەستم ئەگەشتە لایان، وەك کاتژمێرە تەختە گەورەکەی بە دیواری هەیوانەکەدا هەڵواسرابوو، تاقە بچوکەکەی مەتبەخەکەمان کە دایکم پڕی کردبوو لە قووتووی زەردەچەوەو لیمۆندۆزی و دارچینی و زیرەو...هتد، دۆلأبەکەی باوکم و قاتی سەرەوەی کتێبخانەکەی باوکم و ئەو کتێبخانەیەی کە باوکم نەیدەهێشت لاپەڕەی کتێبێك تۆزی لێ بنیشێت، بەڵام نەمتوانی بچمە نێو پێکەنینی خوشکەکانمەوە، هەرچەندە پێیان ئەوتم کە کچ گەورەبوو نابێت وەك پیاو نانبخوات، بۆیە چەند ئیشێکیان بۆ دیاری کردم، خۆ ئەگەر هیچیشم نەکردایە ئەوا دەبوو بەپێوە بوەستم، خۆشترین کار کە هەڵمبژارد پاککردنەوەی ژوورەکەی باوکم بوو، ئەوە سەرەتایەك بوو بۆ نزیکبوونەوەم لە دنیا ئاڵۆزەکەی باوکم و تێگەشتن لە نهێنیی شیعرەکانی، زانیم کە باوکم چ شاعیرێکی لەنێو خەمدا تواوەبوو، چەند دەوڵەمەندبوو بە پەیڤی شیعرو چ بورکانێکی حەقبێژی لە پەڕە شیعرەکانییەوە دەتەقی، چیدی دێڕە شیعرێکم نەدەخستە سەبەتەی خۆڵەکەوە، سەرەتا پەستئەبووم کە خۆڵڕێژەکە هاواری دەکرد (خۆڵ... خۆڵ)، دایکیشم بانگی لێ ئەکردم کە سەبەتەی ژوورەکەی باوکمی بۆ بێنم، لەسەرەتادا خۆڵڕێژەکە لەبەردەم دەرگاکەماندا چەقی دەبەست و پڕ بە گەرووی هاواری ئەکرد بە حەوشەکەماندا، پاشان وازی لەو خووەی هێناو تەنها زەردەخەنەیەکی بۆ ئەکردم و ئەڕۆیشت، ڕۆژێکیان لە ئاهەنگێکی قوتابخانەدا بەشێکم لە قەسیدەیەکی باوکم خوێندەوە، نازانم چ هەستێك بوو بۆم دروستبوو، لەو ساتانەدا هەستم ئەکرد کە ئەو پەیڤانە ڕۆحیان بەبەردا کراوەو وەك چەند منالێکی عەجول بە حەوشەو سەربان و پۆلەکاندا بلأوبوونەتەوە، منیش بێ ویستی خۆم دەستەکانم ئەجولأندو سەرم بائەداو لەگەڵ دێڕە

غەمگینەکاندا دەگریـام و لەگـەڵ دێـڕە مژدەبەخـشەکاندا پێێەکـەنیم، بـە یـەکجار سـەربەرزکردنەوە لەسـەر لاپـەڕەکـە چاوەکانم بە یەك ڕوانین فریای هەموو مامۆستاو قوتابییەك ئەکەوتن، لەکۆتاییشدا چەپڵەیەکیان بۆ لێئەدام، کە کۆتایی نەئەهات، نێو لەپی دەستەکانیان سوورسوور هەڵگەڕا، عارەقە بـە نێوچـاوانیاندا جۆگەلـەی بەسـتبوو، هـەروەك لـەنێو ساردترین شوێندابن جەستەیان ئەلەرزی و شۆکەی دەهات، ئاسمانی قوتابخانەکـەمان داپۆشـرا بـە هەناسـەو جەزبـەی عاشقانەی ئەو هەموو کچە گەنجانە، بەڕێوەبەرەکەمان چەند جارێك بەدەست ئاماژەی کرد، کە کۆتـایی بـە چـەپڵەکان بهێنن، بەلاّم نەك کـەس گـوێی بـۆ نـەگرت، بـەڵکو تادەهـات دەنگیـان بـەرزتر دەبـوو، هەربۆیـە ماڵـەکانی دەوروبـەری قوتابخانەکـەمان چـووبوونە سـەربان و منداڵـە چڵمنەکانیـشیان خۆیـان شـۆڕکردبووەوە بەسـەر دیـواری حەوشـەی قوتابخانەداو چەپڵەیان لێئەدا، بەڕێوەبەرەکەمان ڕەنگی ڕەشداگەڕاو هاتـە ناوەڕاسـتی گۆڕەپانەکـەو پـڕ بـە گـەرووی قریشکاندی، ئینجا بەرەبەرە چەپڵەکان نزمترو نزمتر دەبوون، تا بەرەبەرە بێدەنگدەبوونەوە، تەنها دوو قوتابی نەبێ، وا جەزبـە گرتبـوونی لـەکاتی قـسەکانی بەڕێوەبەریـشدا هـەر تەقـەی چـەپڵەیان دەهـات، هـەر ئـەو ڕۆژە هـەردووکیان دەرکران، مامۆستاکانیش هیچیان لە قوتابییەکان کەمتر نەبوو، گەر لە ترسی بەڕێوەبەر نەبوایە تـا زەردەپـەڕی ئێـوارە چەپڵەیان لێئەدا، مامۆستا پیرەکەی وانەی مێژوو کاتێـك مـن شـیعرم دەخوێنـدەوە چـاوم لێبـوو خـۆی دابـووە پـەنای یەکێك لە پایەکان نەبادا بەڕێوەبەر بەو حاڵەوە ببینێت، کە فرمێسك هۆن هۆن لە چاوانی دائەبارین و لەرزی لێهاتبوو. لە چەند بۆنەیەکی تری قوتابخانەدا شیعرم خوێنـدەوە هـەمان حاڵـەتم لـە خۆمـدا بـینی و هـەمان چـەپڵەو تووڕەبـوونی بەڕێوەبەرو مامۆستای مێژووشمان لەپەنای پایەکەدا توشی هەمان حاڵ بووبوو. ئیدی ڕۆژانـە چـەندین جـار لـە نیـوەی وانەکانداو لە پشوودا، هەتا لەکاتی تاقیکردنەوەکانیشدا بانگدەکرام بۆ ژووری بەڕێوەبەر، هەموو جارێکیش هەر هەمان قوتابی بەدوامدا دەهات، هەندێك جار زۆر بەپەلە لە دەرگای پۆلەکەی ئەداو هەندێك جاریش لەسەرخۆ داوای یارمـەتیی لە مامۆستای وانەکە دەکرد، لە هەموو جارەکانیشدا بە دەموچاوێکی مرومۆچ و تووڕەوە دوای خۆی ئەخستم تـا ژووری بەڕێوەبـەر سـەیری نەئـەکردم و قسەیـشی لەگـەلاّ نـەدەکردم، منـیش دەمزانـی کـە بەڕێوەبـەر چـەند پرسـیارێکی دووبارەوەبووی جاری پێشووم لێ دەکات.

—ئەم شیعرە هی کێیە؟

—لە کوێ دەستت کەوتووە؟

—ئەمجارە لەیەك بۆنەدا شیعر بخوێنیتەوە چاوت دەرئەهێنم، منیش وەلاّمە دووبارەوەبووەکانم پێئەوت:

—نازانم.

—لەڕێگەی مەکتەب و هەندێکیشیان لەسەر دیواری (ئاودەستەکان) نووسرابوون.

—بەڵێ باش، چیدی یەك وشەیان لێ ناخوێنمەوە. بانگکردنی دواجارم جیاواز بوو لە بانگکردنەکانی تر، ئەو ڕۆژە لە یەکەم وانەدا بانگیانکردم، تا دەوام تەواوبوو من لە ژووری بەڕێوەبەر بووم، ئەو ڕۆژە تـەنها بەڕێوەبـەر لـە ژوورەکەیـدا نەبوو، بەڵکو دوو قەنەفەی بەرامبەر بە یەك چەند کەسـانێکی لەسـەر بـوون کـە تـەنها بەڕواڵـەت مرۆڤبـوون، پرسـیارو هەڕەشەکانیان لێویان وشك کردبووم، تا وشەیەك لـە دەمـم دەرئەچـوو دەبـوو چـەند جارێـك —زمـانم کـە ئـەویش وەك پارچە پەڕۆیەکی لێهاتبوو بدەم لە لێوم، ئـەو مرۆڤـە جـل سـەوزانەی کـە بـە ڕیـز دانیـشتبوون یـەکی دەمانـچەیەك بـە لاقەدیانەوەبوو، لە کاتی پرسیارەکانیاندا دەستیان لێ دەدا، بـەلاّم ئـەوەیان کـە چـەند شمـشێرو ئەسـتێرەیەك لەسـەر شانی بوون، بە تووڕەییەوە لێم نزیك بووەوە، دەمانچەکەی بەسـەرمدا چـەقاند، بـە بەڕێوەبـەری ئـەوت: ئێـوە قوتـابی واتان بۆ چییە؟ ئەمە مەحاڵە ڕۆژێك لە ڕۆژان خزمەت بە گـەل و نیـشتمانەکەی بکـات، ئـەو هەڕەشـانەی کـە ئـەو ڕۆژە

لێیان کردم ناچاربووم کە جارێکی دی شیعرێك پێشکەش بەو قوتابی و مامۆستایانە نەکەم. لە ڕۆژی سێیەمی پرسەکەی باوکمدا، بەڕێوەبەرو مامۆستاکان هاتبوون، منیش ئەو قسانەم دەکرد کە دوو ڕۆژبوو وەك تووتی دەمووتنەوە، بەڕێوەبەرەکەمان بە بیستنی ئەو وتانە هێندەی نەمابوو لەناو ئەو هەموو ژنانەدا قژم بگرێت و لێم بدات. سەیرم لە پرسەکەی باوکم دەهات، ئەو ژنانە دەهاتن کە لە ژیانمدا نەمبینیبوون و بەلامەوە غەریب بوون، ئەو سیمایانە یەکەم جارو دواجارم بوو بینیمن، تەنها خانم و ژنی زبلڕێژەکە، کە چەند ساڵێك دوای پرسەکەی باوکم ڕێم کەوتە ماڵیان. لە پرسەکەدا دایکم چەند پارچە شووشەیەکی شکاوی بەدەستەوە بوو، خوشکەکانیشم هەرجارەو یەکێکیان قاپە تایبەتەکەی باوکمیان بەدەستەوە دەبوو، منیش جافێکی شینم بەدەستەوە بوو  پڕ بە گەرووم بەنێو قەرەباڵغی ژنەکاندا هاوارم دەکرد.

(ئەمڕۆ شاعیرێك مرد، ئەمڕۆ قەڵەمێك شکا، ئەمڕۆ دوو پەنجە ماڵئاواییان لە خامە کرد...) ئەو ژنانەش کە هەر لە کۆرسی گۆرانییەکی فۆلکلۆری دەچوون، بەڕیز پاڵیان دابوو بە دیوارەکەوە، بە لەچکی سپی و کراسی کوردی (کرێم)و چاوی پڕ لە کلەوە، لەکاتی قسەکانمدا لەچکەکانیان بە دەمەوە دەگرت و پێدەکەنین. لە سێیەم ڕۆژی پرسەکەدا، یەکەم جاربوو خانم لە نزیکەوە ببینم، سەرم لە هاتنی سوڕدەما، هەر زوو لە نهێنیی هاتنەکەی تێگەیشتم، ئێستاش ئەپرسێت لەکوێوە پرسەیەك هەبێت دەڕوات تا لەوێ ئاڵتون و جانتاو پێڵاو و جلەکانی بە ژنە هەژارەکان پیشان بدات، چەند حەز لە کۆڕو دانیشتنی ژنە دەوڵەمەندەکان دەکات، هێندەش حەز بە دانیشتن دەکات لەگەڵ ژنە هەژارەکاندا، دڵنیایە کە هەموویان دەمیان ( ) گوێ بۆ قسە بێسەروبەرەکانی دەگرن، ئەو ڕۆژەش کە هاتە ژوورەوە بە فەرمووفەرمووی بردیانە لە سەرووی هەموانەوە دانیشت و چەند سەرینێکیشیان لە چواردەوری هەڵچنی، ئەو ژنانەی کە سەڵتەو کەواکانیان لەسەر ئانیشکیانەوە دڕابوون و پینەکرابوون ئەڵقەیان لە دەوری بەستبوو، سییەکانیان بە بۆنی عەترەکەی خانم ئاخنرابوون.

به قوماشە گرانبەهاکەی بەری و موستیلە قەبە گەورەکانی و ملوانکە درێژەکانی ملی حەپەسابوون.

ئەو ڕۆژە خانم مەبەستی بوو لەناو ئەو ژنە هەژارانەدا خزمەتکارێك بگرێت، وابزانم دەستنیشانکردنی من بۆ خزمەتکار تەنها لەبەر خوێندەوارییەکەم بوو، تا ئێستاش بە کەس ناڵێت نەخوێندەوارم، نامەکانی بە من دەنووسێت و ئەو کتێبانەش کە باسیان لە سیحرو خورافات و....هتد دەکرد دەبوو بە دەنگی بەرز بۆی بخوێنمەوە. هەر بۆیە ئەو هۆڵە گەورەیەیان پڕکردبوو لە کتێب، تا ئەو میوانانەی لە دەرەوەن کەسە ڕۆشنبیرەکانی پێ چەواشە بکەن. کەسێکیان تایبەتکردبوو کە چی کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەیەك چاپ بکرێت بیکڕێ، بۆ ئەوان گرنگ نەبوو باس لە چی دەکات و سەرباسەکانی چین و نووسەرەکانیان کێن؟ تەنها مەبەستیان کۆکردنەوەی کتێب بوو.

ئەو ئێوارە کە باوکم مرد، لە سەربان دانیشتبووم لەسەر تەنەکەیەکی خاڵی خەریکی لەبەرکردنی (جەدوەلی زەڕب) بووم ، کە بە زریکەی دایکم ڕاچڵەکیم، ئێستاش کە لێم دەپرسن کوێت تەواوکردووە، دەڵێم تا (جەدوەلی زەڕب)م خوێندووە. دوای سێ ڕۆژ لە مردنی باوکم، ژنان حەمامەکەیان گەرمکردبوو تا دایکم و خوشکەکانم خۆیان بشۆن، چاوم لە باجی (ئافتاو) بوو کە بە شەلەشەل خۆی کرد بە ژوورداو جانتاکەی مەکتەبم کە لە پەنجەرەکەدا دانابوو، هەڵیگرت و خستیە ناو ئاگری تونی حەمامەکەوە، پێدەچوو خانم پێی وتبێت یان بەڕێوەبەرەکەمان هەڕەشەی لە دایکم کردبێت، چونکە چاوم لێبوو، لە کاتی چوونە دەرەوەیدا بە دەموچاوێکی تووڕەوە چووە پەنا گوێی دایکمەوە. هەر لە یەکەم ساتی پرسەکەوە ژنان کۆمەڵ کۆمەڵ بە سنگکوتان و وتنی (دەستم بشکێ و.. نەژیم و کوێراییم دابێ و....هتد) تا لەناو ئەو قەرەباڵغییەدا جێگەیەکیان بۆ خۆیان دەکردەوەو دادەنیشتن، ئینجا ڕووی پرسیاریان دەکردە دایکم:

—ئەوە چ خێربوو؟

دایکیشم ئەیووت (ئێوارە وەختەبوو، وتی بەر لەوەی دنیا بە تەواوەتی تاریکدابێ، لەم دوکانی سەرسوچە با بۆریە چرایەك بکرم...) ئیتر دەستی بە گریان دەکردو بە درێژایی ئەو سێ ڕۆژە لەمە زیاتری نەدەگێڕایەوە، بەڵام هاوەڵەکانی قوتابخانەم و ئەو ژنانەی کە لە منیان دەپرسی دەمووت:

(ئێوارە وەختەبوو، بەر لەوەی بچمە سەربان (جەدوەلی زەرب) لەبەربکەم، باوکم قاتێکی شینی لەبەردابوو، لە ژوورەکەیدا خەریکی شیعرنوسین بوو، لەگەڵ شیعرێکدا توایەوە، تاڵە مووە سپییەکانی سەری تێکەڵ بە پەڕە کاغەزەکان و قاتە شینەکەی تێکەڵ بە مەرەکەبەکە بوون و جیا نەدەکرانەوە، وا ئاوێتەو بووبوون بە براکانیشم جیانەدەکرایەوە، بۆیە هەروا بە تۆپەڵکراوی خستیانە تابووتەکەوە..). بەر لە مردنی نەمزانیبوو لەگەڵ دایکمدا هێندە عاشقی یەکن، هەر بۆیە دایکم تەواو پەشێووبوو، فرمێسك لە چاوانی وشك نەدەبوونەوە، ئەو بێدەنگییەی نێوانیان لێوانلێوبوو لە خۆشەویستی، زانیم کە هەردووکیان لە یەك بنەماڵە بوون (بنەماڵەی کەنارییەکان)، دایکم پاڵنەرێکی گەورەی هەبوو کە بەرامبەر بەو کەمدەرامەتییەی باوکم بەرگە بگرێت و هەر ڕۆژەو پارچە زێڕێکی بۆ بفرۆشێت، قەد ڕۆژێك بە باوکمی نەدەوت (کەم سەربکەرە نووسین، بچۆ خەمی مەعیشەتی ئێمەش بخۆ). وەك زۆرێك لەو ژنانەی کە بە مێردە شاعیرەکانیان دەوت، دایکم ئێوارەی سێهەم ڕۆژی پرسەکەبوو، کە میوانەکانمان کەم بووبوونەوە، براکانمی لە مەجلیسی پیاوەکانداو ئێمەشی لە ژوورە پڕ غەڵبە غەڵبەکەی ژنەکانەوە بانگکردە حەوشەی دواوە، لەناو گرمەی پەرەمێزەکانداو تێکەڵ بە پێکەنینی ژنە قەڵەوە چێشتلێنەرەکان، گەورەترین نهێنیی بۆ درکاندین، زانینی ئەو نهێنییە بەسبوو کە براکانم چیدی سەر شۆڕنەکەنەوە بەسەر دۆمینەو شەترەنجدا، خوشکەکانیشم ئەوەندە بێمانا نەتریقێنەوەو باسی شتی تر بکەن، هەر ئەو شەوە وێنەیەکی باوکمی پێ نیشاندابن بە جلوبەرگی سەربازییەوە، لە تەمەنی بیست و پێنج یا سیساڵیدا، لەپاڵ وێنەیەکی گەورەی کەنارییەکدا، وێنەی ئەو کەنارییەم تەنها جارێکی دی لە تەمەنمدا لە نزیکەوە بینی، لە ماڵی خۆڵڕێژەکەدا بوو، لە ژوورێکی دواوەیاندا هەڵیان واسیبوو، چەند وردتر دەبوومەوە لە گەورەیی و نهێنیی ئەو وێنەیە تێنەگەیشتم، ئێستاش نەمزانی دەستکردە یان بە کامێرا گیراوە، کە دەستم ئەهێنا بە پشتی کەنارییەکەدا نەرمی پەڕەکانی لەنێو پەنجەکانمدا بەجێدەما، چاوەکانی وەك دوو شوشە بوون، کە پەنجەم بەریانکەوت هەستم بە لینجاوێك و تەڕاییەك کرد لەسەر پەنجەم نیشت، بۆ دڵنیابوونم پەنجەی شایەتومانم لە زمانم دا سوێربوو.. چەندین ساڵە لەم ژوورەی خانمدام، لەناو ئەو هەموو تابلۆیانەدا تائێستا تابلۆیەکی وام بەرچاو نەکەوتووە، زۆرجار بە پەلە باسم لە نهێنی و قەشەنگیی تابلۆکان بۆ خۆڵڕێژەکە دەکرد، ئەویش بە حەسرەتەوە هەناسەیەکی قوڵی هەڵدەکێشاو دڵنیای دەکردم کە تابلۆیەك هەیە لەمانە هەمووی قەشەنگترە، بینینی ئەو تابلۆیە بەسبوو بۆ من کە تا ئەبەد ئیلهامی شیعر بەرم نەدا، ڕۆژ بەڕۆژ هەستم بە هەناسەی گەرمی شیعرێکی نوێ دەکرد، مەدالیایەکیش لەسەر هەمان شێوە بە بێشکەی منداڵەکەیانەوە هەڵواسرابوو، لەناو مووڕووە زەردو شین و ڕەشەکاندا بریسکەی دەهات.

یەکەم ڕۆژ کە لێرە دەستم بە کارکردن کرد، بە سەدان گوێنی پڕ لە زبڵم فڕێدان، چەند ڕۆژێك تەنها خەریکی پاککردنەوەی عەرزەکەو ژێر کەلوپەلەکان بووم، پاشان دەستم بە شتنی چەرچەف و پەردەو ڕاخەرەکان کرد... ئینجا بنمیچەکەو شووشەی پەنجەرەکان.... چاوەڕێبووم خانم دەستخۆشیم لێ بکات، شاگەشکە دەبوو کە دەگەڕا بە ژوورەکاندا، بەڵام هیچی نەدەوت، ئێستا کە زۆر کارێکی سەرنجڕاکێش دەکەم چاوەڕێی دەستخۆشی ناکەم، ئێستا دەزانم ئەو پەیڤە جوان و ناسکانە چەند نامۆن بە ئەمان، ئەو ڕۆژەش کە هاتە پرسەکەی باوکمەوە هەر من لەبەری

هەڵنەستام و هیچ نرخێکم بۆ خۆی و خشڵەکانی دانەنا، من لە شیعرەکانی باوکمەوە بچوکی ئەوم دەبینی، هەر لە منداڵییەوە وابووم، قەشمەریم بە کچەکەی خانم کرد، وەڵامی بەیانی باشی هەموو قوتابییەکم ئەدایەوە تەنها ئەو نەبێت، ڕۆژ باشەکانی ئەو پڕبوو لە لوتبەرزی، بەو منداڵییەی لاسایی دایك و باوکی دەکردەوە، وەك ئەوان قسەی زلی دەکردو پێدەکەنی و ئەکۆکی و... حەزیشی لە هەچ قەڵەمدادەن و لاستیك و قەڵەم و تەوقەیەك بکردایە، دەیکرد بە گیرفانیداو پاش کەمێکیش ئەیشکاند و منداڵە خاوەنەکانیان بە دزیی کچەی خانمەوە پارچە شکاوەکانیان لە سەبەتەی خۆڵەکە دەرئەهێنانەوەو دەیانخستەوە نێو گیرفان و جانتاکانیان. ئەو ڕۆژەش تەوقەی سەری نزیکترین هاوەڵمی برد ئەو کچەی کە باوکی پیشەی خۆڵڕێژی بوو، زۆر بە دەگمەن جلی جوان و شتی نوێی لێ دەبینرا، کە من ئەڕۆشتم بۆ شتکڕین ئەو نەدەهات و بە زەردەخەنەوە دەیووت: ئەمڕۆش هیچ ناکڕم بەشکوم جوانترین تەوقە بکڕم، یەك ڕۆژ بە قژیەوە بوو، کچەکەی خانم لێی کردەوەو کردی بە گیرفانیدا، ئەویش تا دواین وانە سەری خستە سەر مێزەکەو دەگریا، منیش بەو منداڵییەی خۆمەوە پەنام بردە بەر بەڕێوەبەر، زۆر بێشەرمانە قسەم دەکرد، قریشکاندی بەسەرماو ئەیوت (بێئەقڵ تەوقە چییە، ئەو بە سەدان تەوقەی ئاڵتون و یاقوتی هەن، ئێوە سواڵکەرن) تا بەڕێوەبەر لە قریشکەو قسەکانی بووەوە، ئەو هەموو گوڵ و تابلۆ و گوڵدان و کاتژمێرە پڕ لە نەخش و نیگارانەم بینین کە بەناوی ئاغاو خانمەوە پێشکەشی بەڕێوەبەرەکەمان کرابوون، من تاکە قوتابییەك بووم کە ڕێگەم نەئەدا کچەکەی خانم دزیم لێ بکات، ئەو ڕۆژەی کە ویستی قەڵەمدایانەکەم ببات، تەنها دوو ڕۆژبوو میوانێکی باوکم لە بەغداوە بۆی هێنابووم، دەستی بۆ برد بیکات بە گیرفانیدا، منیش بە هەموو هێزێکم پەنجەکانیم گوشی تا دەستی شلبوو، قەڵەمدایەنەکەی لەدەست کەوت، وەکو بزێوترین مناڵ، خێرا خستمەوە ناو جانتاکەم، قوتابییەکان ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕا، لە ترسی بەڕێوەبەرو مامۆستاکان، دەترسان ئەوانیش سەرو چەند دارێکیان لێبدرێت، دەزانن ئاغاو خانم خۆیان دێن و هەقی فرمێسکی کچەکەیان لە هەموو کچە ڕەشوڕوتەکان دەکەنەوە.

بە شەرمەزارییەوە دایە پرمەی گریان، هەرچەندە زەنگی پشووش لێدرا، بەڵام یەك قوتابی لە جێگەی خۆیدا جوڵەی نەدەکرد، کچەکەی خانم سەری خستبووە سەر مێزەکەو ئەوانی تریش وەك ڕیزە پەیکەرێکی زەردهەڵگەڕاو سەیریان دەکرد، کە مامۆستای وێنە هاتە ژوورەوە، خێرا ڕووی تێکردو بە پرمەی گریانەوە وتی (مامۆستا ئەو کچە قەڵەمدادەرەکەی دزیوم)، بەڵام مامۆستای وێنە چاك منی دەناسی، هەمیشە پێشانگاکانی بە وێنەی من پڕدەکردنەوە، ئەو منی لە دنیای دەست و پەنجەمەوە دەخوێندەوەو دەیزانی دز نیم، بۆیە هەر وەك هیچی نەبیستبێت وتی (دەی ڕۆڵە دەفتەری وێنەکانتان دەربهێنن). بۆ ڕۆژی دواییش مامۆستای وانەی وەرزش بە هەموو هێزێکی خۆی مەچەکی توند توند گرتم و گێڕامی بە هەموو پۆلەکاندا، ڕۆژی پێنجشەممەش دوای هەڵکردنی ئاڵا لە ڕیز دەریانهێنام بە تۆمەتی دزی، تا ماوەیەکیش وێنەکەم بە هەڵواسراوی مابووەوە، کە نازانم مامۆستاکان یان قوتابییەك دڕاندی، لەژێر وێنەکەمدا نووسرابوو (منداڵان لە دزینی شتومەکی هاوڕێکانتان بەدووربن) بە درێژایی ئەو ساڵە بەبێ هاوەڵ مامەوە، بەتەنیا دەچووم بۆ قوتابخانە، بەتەنهاش دەهاتمەوە، بەتەنها پیاسەم بەنێو باخچە زەردهەڵگەڕاوەکەی قوتابخانەدا دەکرد، مامۆستای وێنەش وەك جاران زۆر چەپڵەو دەستخۆشیی لێ نەدەکردم. تەنها ئەو ڕۆژانە نەبێت کە کچەکەی خانم نەدەهاتەوە، لە سەفەرێك یان لە ئاهەنگێکدا دەبوو، کە تائێستاش ئاهەنگ و سەفەری ئەوان قەد کۆتایی نایەت، ئەو ڕۆژانە هەر یەکی لەلایەکەوە پەلی رادەکێشام، تاکو یاریی لەگەڵدا بکەم، یان لە هەر چوارلاوە ئەڵقەیان لە دەورم دەبەست، بە زمانە فس و منداڵانەکەی خۆیانەوە باسی ئازایەتی و چاونەترسیی ئەو ڕۆژەیان بۆ دەگێڕامەوە، هەر ئەو ساڵە کچەکەیان ناردە نێو کچە هەژارەکان، ئیدی ناردیانە قوتابخانەی تایبەت، زەمەنێکە لە هەندەرانە، زۆر بە کەمی

سەر لە ئێرە ئەدات، کە نامەیەکیش ئەنێرێت بۆ خانم و بە دەنگی بەرز بۆ خانمی دەخوێنمەوە، لە دڵەوە پێکەنینم لەو باس و قسە بێ سەروبەرانەی دێت کە دەیاننووسێت بۆ دایکی. ئێستا کێ بێژی دێت ئەو هەموو جلە پڕ لە چڵکانە بشوات؟ گەر من نەبم، خانم کە جلێك لەبەر بکات خێرا بۆن دەگرێت، جاران بەدەم جلشتنەوە هێڵنجم ئەدا، هەر منم ئەتوانم ئەو هەموو کوببەو شفتەو یاپراخەیان بۆ بکەم، بەڕێکردنی سەدان میوان ئاسانترین کارە بەلامەوە، جنێو، تف، زللە بوونەتە ئاساییترین دەستخۆشی بەلامەوە، بەیانیان لە پاککردنەوەی مەتبەخەکەوە دەستپێدەکەم، ئینجا یەکە یەکەی ژوورەکان، تا دەگەمە پاککردنەوەی هۆڵی تابلۆو کتێبەکان، ئەم دوو هۆڵە لە قاتی سەرەوەن، هۆڵی کتێبەکان لە هەر چوارلاوە تا بنمیچەکە بە کتێبی جۆراوجۆر هەڵچنراوە، هۆڵی تابلۆکانیش دیوارەکانی بە تابلۆی قەبارە جیاواز داپۆشراوە، تابلۆی ئەو وێنەکێشانەی کە تەنها ناوەکانیانم بیستبوون، یان تابلۆیەکی بچووککراوەیان لەسەر لاپەڕەی گۆڤارێك یان ڕۆژنامەیەك بەرچاوم کەوتبوو، وەك داڤنشی و رامبرانت و ڤان رین و پیکاسۆو... چەندین وێنەکێشی تری جیهانی، ناویان لە خوار تابلۆکانەوە نووسرابوون... کە بۆ ناوساجیکردنەکە هاتمە ئێرە، لەناو تۆزدا نقوم بووبوون، هەر نیگایەکی ئەم تابلۆیانە هەناسەی چەندین شیعرو قەسیدەمە، هەر بۆیە چەندین پارچە پەڕۆ و پاککەرەوەی تایبەتم بۆ سڕینیان داناوە، ئاغایەکی نەخوێندەوار تەنها بە زەبری پارە دەستی گەیشتۆتە ئەو مەزادە عالەمیانەو ئەم تابلۆیانەشی بە زۆرترین پارە بەدەستخستبوون، من دڵنیام نە ئاغاو نە خانم و نە هیچ منداڵێکیشیان لە نهێنیی فڵچەو ڕەنگی ئەم وێنەکێشانە تێناگەن، پێدەچێت لە دڵی خۆیاندا گاڵتەشیان بەو پیشەیەیان بێت، تەنها بۆ میوانەکانی دەرەوەی وڵاتیان دەبن یان هەر وەفدە ڕۆشنبیرییەکان کە ڕێیان دەکەوێتە ئێرە، ئەمان دەزانن چۆن شانازی بە دەست و فڵچەو شەونخونی و خامەی کەسانی ترەوە بکەن.

تا من نەهاتبوومە ئێرە کەسێك وشەیەکی لەم کتێبانە نەخوێندبووەوە، کەسێك دەستێکی ڕێکخستنی بۆ درێژنەکردبوون، هەر بۆیە زۆربەیان سەربەرەوخوار دانرابوون، کتێبی چیرۆك و لێکۆڵینەوەو سیاسەت و مێژوو و ڕۆمان و دیوانە شیعر بەسەریەکدا تێکەڵ بووبوون. من ئێستا عاشقی زۆرێك لەم کتێبانەم، بە سەدان جار خوێندوومنەتەوە، بێ ئەوەی تینویەتی ناخم بشکێت، بۆیە دەبێت تائەبەد تف و زلەو جنێو قبول بکەم، خۆ گەر دەریشم بکەن نارۆم، شەوانە بەدیار ئەم تابلۆیانەوە ژانی چەندین شیعر دەمگرێت و پاشان دەیانخەمە نێو سەبەتەی خۆڵەکەوە و ئامادەیان دەکەم بۆ بەیانی، کە خۆڵڕێژەکە دێت، کە پرسیاری ماڵی خۆشمانی لێدەکەم هەموو جارێك دەڵێت: کەسیان نەگەڕاونەتەوە، بەلاّم ماڵەکەتان بووە بە جێگەی حەوانەوەی هەموو باڵندەو کەنارییەکان، تووە گەورەکەی حەوشەکەشتان گەلاّکانی دیار نەماون لەنێو سەدان هێلانەدا.

*ئەم چیرۆکە تەواو نەبووە، ئومێدەوارم ڕۆژێك لە ڕۆژان سوندسی کچم تەواوی بکات..